# فاتیمەی زەهرا و سوشی و هێرۆخان ... شەیدا بڵباس

سێ کەسایەتی جیاواز و رەگەزی جیا و ئایین و زمانیش، لەسەردەمی جیاشدا؛ ژیاون. فاتیمەی زەهرا کەبەرەگەز سامی و عەرەبزمان و موسڵمان، چواردەسەدەبەسەر ژیانیدا تێدەپەرێت. وەک دەزانین کچی پێغەمبەری ئیسلام و خێزانی ئابیزای شیعەو دایکی حەسەن و حوسێنیش بووە. لەهەر سێ قۆناغی بەتوانای پشتگری جیاوە، کەکچێتی و ژنێتی و دایکێتی، لەهەر بوارێکەوەنیاز و خواستیاری بوایەخزمەت بەرەگەزی مێینەو مرۆڤ بکات؛ زۆر بەئاسایی دەیتوانی و فەرمانیشی فەرمی بوو.

سوشی کەبەمناڵی بەبەرچاویەوەباوکی دەکوژن.. کائینێکی ئایینی بودی، لەخۆی دەگرێ و بەخێوی دەکات. لەهەمان کاتیشدا پەروەردەو هۆگری ئایینی بودایی دەکا. پاش ماوەێک، لەبەر سەقامگیری حوکمی عورفی، کۆچ دەکەن بەرەو پایتەختی تایلاند و لەوێ دەخرێتەبەر خوێندن لەقوتابخانەو تا دەگاتەقۆناغی زانکۆ.. تا ئەوساتەتەنها لەرێی چەند ووتارێک لەرۆژنامەدا، رەخنەی ئاراستەی لەهەر سێ بیرۆکەی دەستەلاتی فاشیست و کۆمەنیست و ئایینی بودایی دەگرێت. بەداوای هاواری دیموکراسی و هانای مرۆڤایەتی و مافی ئافرەتان، ناو دەردەکاو پشتگیری بۆ خۆی پەیدا دەکات. پیاوەکائینەکەی کەوەک باوکی دووەمی وابوو، دەگیرێت ووندەکرێت.. کەچی ئەم چۆک نادا، بەتەنیایی هانی قوتابیانی زانکۆکەی دەدات، بۆ نارەزایی دەربرین لەرێگەی رێپێوانێکی گەورەی ئاشتیانە، دەرژێنەسەر شەقامەکانی پایتەخت وخۆیان نیشان دەدەن؛ کەبەم رێگەیەدەتوانن بەرهەڵستکاربن. تا ئەو کا تەی کەژیانی دەکەوێتەمەترسی و مانەوەی هەرەشەی مەرگی لێدەکات، یاوەرەکانی دەربازی دەکەن بۆ وولاتی نیپال لەساڵی 1975 .. دیارەبەمەش ناوەستێ کەدوورخراوەیی تاراوگە، لەگورەی بەرێ؛ دووبارەدام و دەزگای مرۆڤایەتی دەهەژێنێ و جارسیان دەکات تا بەئاگابێن و ئاورێکیان لێبدەنەوە. بەهەراسانکردنی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، دووهێندەش میللەت پاڵپشتیان لەراسپاردەکانی دەکرد.. تا رۆخانی رژێم و گەرانەوەی بۆ وولات و هەڵبژاردنی بەسەرۆک وەزیران.

لەساڵی 1979 لەرێگەی توانایی پۆستەکەی زیاتر هاتەناو مەیدانی سیاسی و پراکتیزەکردنی پشتگیری لەرۆلی ئافرەت بگەینێتەقۆناغێکی بەرچاو، بۆ ماف و چارەسەری. هەروەها ناوی ئەم خانمەتێکۆشەرە، ئەمرۆ کەوتۆتەناو بازاری خواردن و چەند کۆمپانیایێکی زل بۆ زێتربەجیهان ناساندنی، سەرمایەیان ختسەبەر چێشتخانەو بەهەڵگری ناوی ئەو لەرۆژئاوا.

خاتوو هێرۆخان لەژیان و کردەوەکانی تارادەیێک لێکچوون لەگەڵ فاتیمەی زەهرا، بەرچاو دەکەوێت. چۆن هێرۆ خانیش کچی ئیبراهیم ئەحمەدی نووسەرو دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی/ ئێراق و خێزانی مام جەلال/ سکرتێری[ ی.ن.ک] و سەرۆکی ئێراقی فیدرالی ئێستایەو دایکی پاڤێل و قوبادیشە.

خاتوو هێرۆ لەکاتی شۆڕشدا لەچیاکانی کوردستان، زۆرجار لەگەرمەی نەبەردی و شەڕوپێکدادانی پێشمەرگەکانی"ی.ن.ک" دا، لەهەڵمەت و سەرکەوتندا، بەکامێرای تۆمارکەر وێنەی لەشەڕ لەسەر خاکی داگیرکراو، لەمەیداندابووە. وەلەم دواییەشدا بەناوی خاتوونی یەکەمی ئێراق، شان بەشانی سەرۆک کۆمار، وولات بەوولات دەسوڕێنەوە.

ئەوەی سەیرە، ماوەێک لەمەوبەر دوو جار ناوی بەرێزیان کەوتەناو میدیای کوردی، بەناونیشانی ئەوەی، کەگوایەبۆ هەڵبژاردەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بێت! لەم دوا سەفەرەشیان بۆ ئیتالیا و نەمسا، گەڕان بەدوای مناله ئێراقی تووش بووی نەخۆشی تالاسیمیا؛ ڕاستی ئەم دیاردەیە بەڕوونی دەخاتەبەرچاو؛ کەهەوڵدانێک بۆ نزیک بوونەی لەم لەئارا دابێت. ئەمەش خەیاڵم بۆ لای ئەو چیرۆکە پەلکێش دەکات.. کەئارەبێک لەبەغداوەبەسوای حوشتر وبارێک خورما، ڕوودەکاتەبەسرا بۆ فرۆشتنی. کاتێک دەگا، خەڵکی شارەلێی کۆدەبنەوەبزانن چی لەبەغداوەهێناوە. کابراش خورمایان پێنیشان دەدا..! پێیدەڵێن" هەتا زووەبارەکەت بارکەو بگەڕێیتەوە.. چاکترە" ؛ چونکەخورمای بەغداو فرۆشتنی لەبەسرا، کوجا مەرحەبا! جا بۆیەبەرێز هێرۆخانیش ئاوڕێکی لەمنالەهەتیوەکانی ئەنفال و هەڵەبجەیداماو بدابوایەوە، بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەزۆرلەبارتر بوو. ئەگینا کێ بێ حەز نەکات کوردێک بەو پلەیەبگات. هەرچەندەژیان و تێکۆشانی ئافرەتێکی وەک لەیلا زانا زۆر لەبەرچاوترو شیاوترە، کەشایانی وەرگری ئەم دیرییەبێت.

22، 11، 5..2